# هەڵبجە و ئەنفال: کارەسات و یادەوەرییەکی تاڵ .. پرۆژەیەکی لەبیرکراوی کۆمەڵگا و دەسڵات؟

نوسینی : تەها سلێمان



لەم نوسینەدا نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ باگراوەندی مێژوویی هەردوو کارەسات و کۆستی هەڵبجە و ئەنفال، و بمەوێ ڕەگ و ریشەی مێژوویی هەردوو کارەساتەکە شی بکەمەوە. بەڵکو ئەوەی کەمەبەستمە ئەوەیە پرسیار گەلێك لەسەر یادەوەری تاڵی هەردوو کارەساتەکە بوروژێنم و بێنمە ئاستی دوان، وەك: ئایا تاکی کوردی و چین و توێژەکانی و دەسەڵاتی کوردی و حزبی کوردستانی تا ئێستاو تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر هەردوو کارەساتەکەدا، توانیویانە وەڵامگۆی کارەساتەکە و کاریگەرییە فرە ڕەنگ و فرە ڕەهەندەکانی بن؟ ئەگەر توانیویانە و وایە کاریگەری ئەو توانایە لە کوێدایە و تاچی ڕادەیەك دەکرێ ببێتە سەرچاوەی ناسینی خودی کارەساتەکە و سڕینەوەی ئاسەوارە نیگەتیفەکانی و وەکی تریش ڕێگەگرتن لە مەترسی دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی لەو شێوە لە داهاتوودا؟ یان ئایا کارەساتی هەڵبجە و ئەنفال قەدەری ڕابووردووی چارەنوسی کورد بوون بوو، یان بە پێچەوانەوە لە داهاتووشماندا پرۆسەیەکە هەڕەشەمان لێدەکا، ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتی و لۆژیکی مامەڵەی لە گەڵ نەکەین؟ یان ئایا کامانەن ئەوانەی ئێمە دەمانتوانی لەماوەی ڕابووردووی دوای کارەساتەکە بمانکردایە و کەچی خوێن ساردانە و نابەرپرسیارانە بەسەرماندا تێپەڕین و نەمانکردن؟ ئایا بەشی زۆری هۆکاری جێبەجێ نەکردنی ئەو ئەرکانەی لەسەرشانمان بوون لەم بوارە ، خۆمان بووین یان بەپێچەوانەوە؟ ئەمانە و زۆر بابەت گەلی تر و پرسیاری بنە ڕەتی تر شایەنی ئەوەن هەڵوەستەیان لەسەر بکرێ و ببنە بابەتی گفت و گۆی کۆی ناوەندەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و دەسڵات و حزب و لایەنە سیاسیەکان و ناوەندە مەدەنی و دیموکراسی و غەیرە حزبیەکان و هتد

نایشارمەوە من وای بۆ دەچم دنیابینی ئێمە بۆ بەشی زۆری کایە جۆراو جۆرەکانی ژیانمان دنیا بینییەکی نا تەندروستە و بەردەوام لەسەر خەیاڵ و هەڵپەی بێسەرو بەر ڕێچکەی گرتوە یان دەگرێ، یانی ڕوونتر ئێمە نەمانتوانیوەو بەم بیرکردنەوەی ئێستاشەوە ناتوانین سەرتایی ترین ئاراستەی تێگەیشتن وەبەر بهێنین بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی کارەسات و پەلامارەکانی دژ بە کوردبوون ونیشتمان و زمان و کلتورو کایەیی ئینسانی بوونمان. بە گەڕانەوەش بۆ گووتارمان لەبەرامبەر ئەو کارەسات و پەلامارانەی کەویستوویەتی تێکمان بشکێنێ ، ئەو ڕاستیەمان لە جارێ زیاتر بۆ ساغ دەبێتەوە. کەواتە پێش هەرشت پێویستمان بە تێکشکاندنی ئەو چوار چێوە نابابەتی و ناواقیعییە کە دنیا بینی ئێمەی لەسەر ڕاوەستاوە و کۆنترۆڵی جوڵە و بزاوتەکانی ئێمەی کردوە و دەکا، پێشم وایە تا ئەو چوار چێوە نابابەتی و نا واقیعییە تێك نەشکێنرێ مومکین نیە بتوانین کارەساتەکانمان وەك ناوەڕۆکی ڕاستە قینەی خۆی و لایەنە مەترسی

هێنەرو دارەکانی بناسین. ئاخر پێناسەی هەڵبجە و ناسینی لەسەر ئاستی دنیا، ئەوە کاریگەری گوتاری ئێمە بەر هەمی نەهێناوەو ڕاگرتنی قورسایی و قەبارەی کارەساتەکەش ئێمە نین کە ڕامانگرتوە، بەڵکو بەدیوەکەی تردا ئەوە خودی کارەساتەکەیە لەبەرامبەر بێدەنگی و کڵۆڵی ئێمە دێتە زمان و بەردەوام لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکا و هەر ئێمەشین خوێن ساردانە هەموو جارێ خۆمان لەو بەرپرسیارێتیە دەدزینەوە و پاساوی لەیەکدی جیاوازی بۆ دێنینەوە. کاتێ واقیعی گووتاری کوردی لەبەرامبەر دووکارەساتی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆیی گەورەی وەك هەڵبجە و ئەنفال شەن و کەو دەکەی ، هەست بە قەزەمی و کڵۆڵییەکی بێوێنە دەکەی و ئەو ڕاستییە ناخوێنیتەوە کەئەم گووتارە خاوەنی ئەو کارەساتانە بێت. بە بینینێکی تر واهەست دەکەی کورد بوون و کارەساتەکانی لە بنەڕەتدا تەنها بۆ شیوەن و گریان و ڕۆ ڕۆ دروست بووبن و هیچی تر. ئەم شیوە بینین و خوێندنەوەو گووتارەی ئێمە بۆ ڕاڤەکردنی دیوی ناوەوەی کارەساتەکانمان ئەوەندەی تر گاریگەری نیگەتیفی کارەساتەکانمان قوڵ و پڕ ئێشتر دەکاتەوە، لە کاتێکا دەبێ وەزیفەی گووتارو خوێندنەوەی ئێمە بۆ کارەساتەکانمان لە مێژە سنوری ئەو تەقلیدەی خۆی تێپەڕاندایە و لە واقیعی کارەساتەکانەوە بابەتی ترین گووتاری بەرهەم بهێنابایە بۆ ئەوەی ڕەگی کارەساتەکانمان و کاریگەرییەکانی لە دوای ڕوودانیان و بە تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەزینوویی نەمابایەنەتەوە، وەك چۆن هەمیشە تاکی کۆمەڵگای ئێمە بەشێوەی زۆر کڵۆڵ و لە دنیا بینی گووتاری سەرکردایەتی دا ئەوق بوەو ناتوانێ جگە لە ڕووکاری دەرەوە ناوەوەو ڕادەی کاریگەرییەکانی کارەساتەکانمان ببینێ. بەواتایەکی تر ئەگەر خۆمان لە ڕاستیەکان نەدزینەوەو واقعبینانە توانای گووتاری ئاراستەکراومان بۆ بینین و خوێندنەوەی کارەساتەکان شی بکەینەوە ئەوا دەبێ درووست بیخەینە ژێر نەشتەری ڕەخنەیەکی بابەتیانە و نەترسانە هەرچی خەوشی هەیە بیهێنینە دەر. کە بەبۆچوونی من تا ئەم ساتەش ئێمە لە ڕەخنەیەکی وا دەترسین و ڕێگەی پێنادەین نەك هەر ڕێگەی پێنادەین بەڵکو زۆربەی کات لەترسی ئەوەی نەفیمان بکاتەوە بەڕەخنەیەکی نابابەتی و دژی پێناس دەکەین، کەئەمەش بۆ خۆی نابابەتی ترین بینین و مامەڵەیە لە گەڵ ڕەخنە و تایبەت مەندی و کاریگەرییەکانی و هەر کۆمەڵگایەکیش بەم ئاراستەیە مامەڵە لەگەڵ کارەسات و ڕەخنەکان لە گووتاری ئاراستەکراو بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی کارەساتەکان بکا، بێگومان نە دەتوانێ خودی کارەساتەکان وەك خۆی بناسێ و دواتریش کارەساتەکانیش بکاتە دەرەچەی قووتاربوونی کۆمەڵگا لێیان.

دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەردەوام هەمیشە خوێن ساردانە ڕوو بە ڕووی کارەسات بوەتەوە و خوێن ساردی کۆمەڵگاش بۆ خوێندنەوەی کارەساتەکان بەرهەمی ئەو خوێن ساردییەیی دەسلاّتە جا ئیتر دەسلاّتی حزب بوبێ یان حکومەت، چونکە ئەگەر لە کاتی ڕوودانی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال حزب و هێزی سیاسی لەسنوری قەڵەم ڕەوی خۆیاندا دەسلاّتدار بوبێتن و نەیانتوانبێ خوێندنەوەو دنیا بینی تەندروست بەرهەم بێنن، ئەوا لە ماوەی دەسلاّتدارێتی بەرفراوانبونی ئەو قەڵەم ڕەوییەشیاندا لە دوای ڕاپەرین نەیانتوانیوە ئەو دنیابینی و خوێن ساردییە لە شیکردنەوەو خوێندنەوەی کارەساتەکان بگۆڕن و

بیخەنە سەر ڕاستەڕێی خۆی. ئەگەر ڕوونتر قسە بکەین دەتوانین نموونە گەلێك بێنینەوە وەك: کارەساتی هەڵبجە و ئەنفال لە پانتایی خوێندنەوەی گووتاری ئێمەدا، لە ڕووی فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و دەروونی )و هتد تاچەند ناوەڕۆکی ڕاستە ڤینەی خۆی وەر گرتوەو بوەتە پنتە بنەڕەتیەکانی سیجالی ئێمە؟ وەکی تر ئێمە توانیومانە کاریگەری هەڵبجە و ئەنفال بە تێکڕای کایەیی فیکری و سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و دەروونی و هتد بناسین و بیکەینە دەروازەی ناسینی بەعس وەك خاوەنی ڕاستەڤینەی پرۆژەی هەڵبجە و ئەنفال؟ ئێستاشی پێوەبێ ئێمە بەعس وەك هەڕەشەیەکی بەردەوام لەناوماندا دەگەڕێ و گەرای خۆی دادەنێ و مەترسییەکی جدیشە لەسەر ئایندەمان، قسە ئەوەیە تاچەند ئێمە توانیومانە وەلأم بەو پرسیارەبین و مەترسیەکانی دوور خەینەوە و نەهێڵین ئەو گەرایە لەناوماندا توخمو ڕەگەزەکانی خۆی فراوانتر لە پێش دابکوتێ.

بەکورتی پێم وایە ئێمە پێویستمان بەسەر لەنوێ خوێندنەوەی هەڵبجە و ئەنفال هەیە لە ڕووی (فیکری و سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و دەرونی و کاریگەرییە جۆراو جۆرەکانی)، بۆ ئەوەی لەوە دەربازبین بەشێوەی ڕابوردوو هەڵبجەو ئەنفال نەخوێنینەوە، بەڵکو وەك وێنەی ڕاستە ڤینەی خۆیان بیانبینین و بیانخوێنینەوە . ئەمەش وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا بەبێ سیجالێکی بابەتی و لۆژیکی بەرهەم نایەت و بەو ئاراستەی کارکردنەی ئێستاش ئەوەندەی تر ئەنفال و هەڵەبجە دەکوژین و دەمرێنین. ئەمەش تەنیا ئەرکی دەسلأت نیە و بەس، بەڵکو ئەرکی تەواوی کۆمەڵگای کوردییە بەشداری لەو سیجالەدا بکا و لەڕێگای ئەو سیجالەشەوە دەتوانرێ گووتارو خوێندنەوەو دنیابینی تەندروست بەرهەم بهێنرێ نەك بە پێچەوانەوە.